**دوای تۆ لە دەرگای مردنمدا**

تیشکێک

بێ پرسی خۆر

لەسەر دیوارەکانی شار دەمنوسێتەوە

گولێک لەباخەکانی زەمەندا

دەمخوێنێتەوە،

تیشکەکان باسی سووتان دەکەن و

کەچی نازانم

من!

دڵنەوایی کام پشکۆ بدەمەوە

دڵم هێمن هێمن دەسوتێت و

بەدیار خۆمەوە هەڵدەوەرێم،

گەڵای چاوەکانم بە ئاگایە

کە نەسیمی بەختەوەری هەڵدەکات.

***

سەیرە هیچمان بێ یەکتر ناژین

نە خۆری سۆزی ئەو

بێ هۆگربوونی من ئاوا دەبێ و

نەئارام دەگرێ شەپۆلی حەزی من

بۆ تیشکی نیگای ئەو

دەیبینم و نایبینم.

باران نییە

گوڵەکان ببووژێنێتەوە،

بەڵام کەباران دەبارێ

شادی لەدڵما دەڕوێ و

دڵە خورپەی سەرشێتان

دام دەگرێ،

با نییە،

بەڵام کەدەنگی دێت

چی مۆسیقا هەیە بۆی دەچەمێتەوە.

***

لەناو خۆما هەمیشە

گویم لەدەنگێکە

بەچەشنی شەپۆلی دەریا

ئارامی بەرۆح دەبەخشێ

هێزێک لەخۆما شك دەبەم

بێ بینایی

پەیکەرێك بۆ ژیان دادەتاشێ

دەستێک لەڕووحما شک دەبەم

کەدەیهێنێ بەسەر سەرما

گشت خەمەکان لەبیر دەکەم

هۆ باوکە گیان

لەلای من بەو هەرگیز مەرۆ

ئاخر خودایە

ئەودەنگە تۆی

ئەو هێزە تۆی

ئەو دەستەش هەر تۆی

وەرە و هێمن

وەک باڵندە

ڕووە و ئاسۆیەکی ڕۆشن

بمفرێنە

هەرچی ئومێدی کاڵ هەیە

بەساتێ لەباوەش گرتنت

دەری بێنە

لای جۆلانەکە

سەر ئەخەمە سەرشانت و

بەرگی خەمم بسوتێنە

کە تۆ عەتری ئارامی

بە نێو ماڵا ئەپرژێنی

رق و کینە

خەم و ئازار

تاریکی

لە دڵەکان دەرئەهێنی

خەندەی نوێ

خۆشەویستی

بەختەوەری

لەناو دڵەکان دەچێنی

ئاخر بۆچی

مەلی سۆزت هەڵدەفڕێنێ.

***

ئای باوکە گیان!.

بۆ هەمیشە هەستم دەکرد

تۆ بەتەنیا بەس هی منی

وەکو مانگی و

به تەنیا بۆ من رۆشنی

بەڵام دواتر ئەوەم زانی

کە دەرگای ماڵەوە دا دەخەی

درەختەکان

جۆلانە و باخ و

گوڵەکان

بانگت دەکەن

توخوا مەرۆ بمێنەوە

بێتۆ، تەنیایین!

میهرەبانیت

بەسەر ئێمە بتوێنەوە

بەڵام گلەیی چی بکەم

وەکو ئەوان شار

بیرت دەکات.

کۆڵان کۆڵان و

دار بەدار

من زۆر دەمێکە دەزانم

تۆ دڵی هیچمان ناشکێنی

باڵندەی میهرەبانیت

بۆ هەموو دڵەکان دەفرێنی

جار بەجاریش

زۆر هێمنی و

بە ماچێکت من دەدوێنی.

***

ڕەنگە هێشتا تیشکی خۆرت

بەر هیچ گوڵێ نەکەوتبوو

لەسەر درەختیماڵەوە

چۆلەکەیەک نەنیشت بێ،

کەمانێکی ماندوو و غەریب

ڕای چڵەکاندم،

نۆتەی حەقیقەتێکی تاڵ

بەهاری عومری وەراندم

کوا پێنووسم ؟

کوا تێنووسم ؟

خۆم وون کردووە

چی بنووسم ؟

لەپڕ، چاوەکانم کردەوە ژین تاریك بوو

کەشتی هیوام

لە دەریای مردنێ گیر بوو

ئومێد دەرگاکەی داخست و

ئیدی بۆ من نەکرایەوە

درەختی ناو باخەکەمان لەژیان تۆراو

گەڵای سەوزی نەدایەوە

پەنجەرەی نازم تەڵخ بوو

جارێکی تر نەسرایەوە

باوکە گیان!.

نازانم کە چۆن دڵی هات

مردن تۆم لێ بتۆرێنێ

مرۆڤێ، کەهەموو بوونمە

لەناو ژیان دەری بێنێ

دوای تۆ لە دەرگای مردنمدا

لەوێ نەبوو

تا ڕۆحی منیش دەربێنی

دوای ئەو ڕۆژە

کە (با)ی مردن هات و

تۆی وەراند

تابلۆیەکم بۆ جوانی تۆ

بۆ ئارامیت

لە ناو ڕۆحی خۆما نەخشاند.

***

ئێستاکە

کە لەوێنەکانا دەتبینم

دەڕۆمەوە جارای جاران،

کەدەتخستمە باوەشی خۆت و

فڕێت دەدام بەرە و ئاسمان

بوکە شووشەت بۆ دەهێنام

دەتوت:

ئەمە دیاری تۆیە

دەهاتیەوە بۆ ماڵەوە،

زوو دەتپرسی

ئەی کوا؟ لەکوێیە؟

وا بوکەکانم هەر ماون

تۆ وونیت و

هەر ئەوان دێنمە بەرچاوم

کەهەموو جارێ

ماچت گەروەترین دیاری بوو

بۆ رۆژی لەدایک بوونم

لەم چەند ساڵەی

تۆ جێت هێشتووم

هەست دەکەم، کەبەبێ بوونم

تەنیا ئەرۆم کەسێ نییە

بیگرێ دەستم

هیچ بووکە شووشەم نەماوە و

لەرۆژی لە دایک بوونما

دەنگی هیچ ماچێ نابیستم

لەو کاتەی کە تۆ رۆشتووی

خۆشی وەری لە سلێمانی

بولبولەکەت دوور رۆیشت و

وازی هێنا لە گۆرانی

گوڵەکان وشک بوون و

فرێیان دا بەرگی جوانی

منیش لێرە

غەریبی رۆحم دەخوات

کۆڵانەکانی غوربەت

زیندانێکن رێگە نادەن

ئێوارەیەک بگەمە لات

شەکەت بوومە و

جار و بار

دەست بۆ مرن درێژ ئەکەم

ئەلێم خوایە رۆحم دەرکە

بەڵکو بە دیداری ئەو بگەم

کات دەروات و

دڵم لە لێدان ناوەستێ

کەس ناتوانێ لەم زەمینە

بەخەیاڵیش وەکو تۆ بێ و

تەوقەی ئاسوودەیم بۆ بەستێ.

***

باوکە گیان ،بیرت ئەکەم

ماسی کە دەریا جیدێڵی و

ئەچێتە کەنار

کە دەریا بیری ئەکات

تاوەکو بگەڕێتەوە

ئەکا هاوار

شەپۆلەکان درێژتر ئەکات

ئەگاتە لای

ئەیوەرێنی گوڵی مەحاڵ

منیش دوای تۆ

هاوارم کرد

وەکو دەریا

چاوەکانم بۆ کۆچی تۆ

هێندەی ئاسمان گریا

بگەرێوە

کەشتیەکی رێگا وێڵم

مەهێڵە وون بم لە زەریا

باوکە گیان

دوای تۆ ژیان

هیچ خۆشی تێدا نەماوە

لەو ژیانە

ئەوەی کە لەلای من باوە

یادی تۆیە و

بڕێ جاریش

تەنیایەکی قاچ شکاوە.

سوزی بابانی